# ساتێك لەباسی مردن و سامناكی سەرەمەرگدا


ئامادەكردنی

م/ محمدی كانی سارد



لە بلاوكراوەكانی ماڵپەڕی ئاشتی

www.ashtyk.com

ژمارە (٤)


بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وبعد:**

خوای گەورەو میهرەبان دەفەرموویت:

﴿ وَجَآءَتۡ سَكۡرَةُ ٱلۡمَوۡتِ بِٱلۡحَقِّۖ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنۡهُ تَحِيدُ ﴾ [ق: ١٩] .واتە: ناخۆشیو ناڕەحەتی مردن هات بەبێ گومان لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا كە پێشتر لەبیر كرابوو ئەم مردنەش ئەو حەقیقەتەیە كەتۆ ئەی ئینسان ڕات دەكرد لەدەستی، بەو مانایەی لەبیری خۆتت دەبردەوە بەخەڵەتاندن بە دونیاو نیعمەتە بڕاوەكانی دونیا.

ئەو مردنەی كە تێك شكێنەری شەهەواتو ئارەزو بازیەكانە، ئەو مردنەی كە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) پەنایان گرتووە بەخوا لێی، ئەو مردنەی كە هەر كەس بیری بێت تام و لەزەتو خۆشیەكانی دونیای لێ ئەشێوێ.

پەروەردگارمان دەفەرمووێت:﴿ فَلَوۡلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلۡحُلۡقُومَ وَأَنتُمۡ حِينَئِذٖ تَنظُرُونَ وَنَحۡنُ أَقۡرَبُ إِلَيۡهِ مِنكُمۡ وَلَٰكِن لَّا تُبۡصِرُونَ فَلَوۡلَآ إِن كُنتُمۡ غَيۡرَ مَدِينِينَ تَرۡجِعُونَهَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴾[الواقعة: ٨٧]. واتە: ئەی ئینسانەكان بۆ بیر ناكەنەوە كاتێك ڕوح گەیشتوەتە گەروتان، واخەریكە دەردەچێت (بۆبیرێك لەحاڵی خۆتانو ئەو نەخۆشەتان ناكەنەوە) وەئێوە لەو كاتەدا وا تەماشای دەكەن (لەلایەك بەزەییتان بەنەخۆشەكەتاندا دێتەوە، لەلایەكی تر لەبیری ئەوەدان چۆن و بەچ شێوەیەك هەوڵی چارەسەری بدەن)



جا دەفەرمووێت: وەبزانن كەئێمە بەزانیاریو بینین وتوانای خۆمان نزیك ترین لەو مردووە لەئێوە بەلاّم ئێوە نابینن و هەست ناكەن(فریشتەكان لە ئێوە لێی نزیك ترن)، دووبارە ئەوە بۆ تێ نافكرن كەئەگەر وای لێك دەدەنەوە كە نامرن و موحاسەبەی دوا ڕۆژ ناكرێن، (یان بەمانایەكی تر) گەر وای دەزانن كەلاوازو كزۆڵ و كەم دەستەلاّت نین، ئەوا دەیگەڕێننەوە و نایەڵن بمرێت، ئەگەر ڕاست گۆن.

بەلاّم فەرمانی مردنی هەر كەسێك دەرچێت هێز نییە تەنها چركەیەك تەمەنی درێژ بكات، خوای گەورە كۆتایی تەمەنمان بەخێر بگێڕێت إن شاء الله.

پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرمووێت:(أكثروا ذكر هاذم اللذات)[1]. واتە: زۆر بیر لە لەناوبەرو تێك شكێنەری شەهەواتو خۆشیەكان بكەنەوە كەمردنە.

واتە: زۆر بیر لەو مردنە بكەنەوە كە گەردن بە مل هوڕەكان كەچ دەكات و چۆك بە تاغوتان شل دەكات.

زۆر لەبیری ئەو مردنەدا بن كە پێش ئێوە كەسی نەهێشت، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە نەخەڵەتێن بەو دونیایەی كە (لو دام لغيرك لما وصلت إليك) ئەو دونیایەی ئەگەر بمایا بۆ پێش تۆ نەئەگەیی بەتۆ.

كوان پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، كوا ئەو پێغەمبەرەی كەپەروەردگار دەربارەی دەفەرمووێت:

﴿ وَمَا جَعَلۡنَا لِبَشَرٖ مِّن قَبۡلِكَ ٱلۡخُلۡدَۖ أَفَإِيْن مِّتَّ فَهُمُ ٱلۡخَٰلِدُونَ ﴾ [الأنبياء: ٣٤] .